# سەربازگەی دووبز بۆ ئەنفالكراوانی ژن و منداڵ

عەلی مەحمود محەمەد

بەشێك لە ژن و منداڵەكان و كوڕانی خوار تەمەن 15 ساڵ و منداڵانی بچووكی جیاكراوەی تەنها لە كەسوكاریان, دوای جیاكردنەوەیان لە زیندانی سەربازگەی تۆبزاوەوە, گواستراونەتەوە بۆ فێرگەی شەڕكردن لە دووبز"مەقەر كەتیبەی هەندەسەی عەسكەری", زیندانیان لە تۆبزاوەوە بە ئۆتۆمۆبیلی ئیڤای سەربازی و گەلابەو .... گواستراونەتەوە بۆ سەربازگەی دووبز, گروپێكی دیكە لە تۆبزاوەوە بە ئۆتۆمۆبیلی داخراو بردراون بۆ سەربازگەی دووبز, یەكەم گروپ شەو گەیشتونەتە زیندانەكە لە كاتێكدا كارەبای ناوچەكەیان بڕیوە, بۆ ئەوەی خەڵك ئاگادار نەبێت لە هاتنیان.
ئەو سەربازگەیە پێشتر كە هێزی كۆماندۆی عێراق - مەغاویر "مەقەر كەتیبەی هەندەسەی عەسكەری" مەشقیان تێدا كردووە, كەوتۆتە قەراخ شارۆچكەكە لە نزیك فلكەی ڕێگای نێوان كەركووك - مووسڵ, سەربازگەیەكی كۆنتر و پەرپوتتر بوو لەوەی تۆبزاوە.
دووبز گوندێكە لە ساڵی 1953 دروستكراوە, لە ڕێكەوتی 14-8-1960 بووە بە ناوەندی ناحیە, لە ڕێكەوتی 4-9-1972 ەوە كراوە بە ناوەندی قەزا.
دووبز قەزایەكە سەر بە پارێزگای كەركوك, پێشتر ناوی دووبز بووە. لە 31 كم باكووری ڕۆژئاوای ناوەندی شاری كەركوكە, 25 كم لە باكووری حەویجەوەیە, لە باكوورەوە قەزای دەشتی هەولێر و لە ڕۆژئاواوە قەزای مەخمورە.
وشەی دووبز وشەیەكی لێكدراوە لە دوو كە ژمارەیە و (بز) واتای لك، لە سەر زێی بچووك هەڵكەوتووە لە ئاستی شاری دووبزدا زێی بچووك دەبێتە دوو لق, بۆیە ئەو ناوەیان لێ ناوە, ئێستا بە فەرمی بە دبس ناو دەبرێت.
سەربازگەكە بە تێلبەندی بەرزی دڕكاوی دەورە درابوو, ئەم سەربازگەیە بەكار هاتووە بۆ ماوەی نزیك لە حەوت مانگ لە 17ی چواری 1988ەوە تا كۆتایی مانگی دە, ژن و منداڵی ئەنفالی تێدا كۆكراوەتەوە.
سەربازگەی دووبز دوا وێستگەی مانەوەی ژن و منداڵە ئەنفالكراوەكان نەبووە, بەڵكە لێرەوە ئامادە كراون بۆ ناردنیان بۆ زیندانی سەربازگەی نگرە سەلمان و زیندانی تكریت, لە تكریتیشەوە بۆ گۆڕە بە كۆمەڵەكان, ئەوانەشی رزگاریان بوو, بەهۆی لێبوردنە گشتییەكەوە فریای ناردن نەكەوتن.
هەرچەندە ژیان لە ناو زیندانی سەربازگەی دووبز لە چاو زیندانی سەربازگەی نگرە سەلمان بەهەشت بووە لە چاو ئەو جەهەنەمەوە, ئەویش بەهۆی هەڵكەوتەی جوگرافیای قەڵای نگرە سەلمانەوە زیاتر, بەڵام لە سەربازگەی دووبز مرۆڤەكان ئامادە كراون بۆ مەرگ, بۆ لە كۆڵكردنەوە, پێی دەچێت زیندانی یەدەكی تۆبزاوە بووبێت, كەواتە سەربازگەی دووبز مەترسیدارتر بووە لە سەربازگەی نگرە

سەلمان, بە پێچەوانەی میدل ئیست ۆچ وتەنی, لە کاتێکدا ئەو بۆچوونەی دەربڕیووە ئاگاداری چارەنووسی زۆرینەی ئەو زیندانیانە نەبووە کە چارەنووسیان نادیار بووە, کە لەوێوە بردراون بۆ جێگایەکی نادیار, پێم وایە میدل ئیست ۆچ لە بەشی دەردو مەینەتی ئەنفالکراوان لە دووبز غەدرێکی گەورەی لە کەیسی زیندانیان لەم زیندانە نەگریسە کردووە.

کەی ئەنفالکراوان هێنران بۆ سەربازگەکە

بە پێی وتەی ئەبو ئەیمەن کە بەرپرسی جەیشی شەعبییەکان ناو سەربازگەکەو هاوولاتی عەرەبی شاری دووبز بووە, ئێستا لە ژیان نەماوە, لە رێکەوتی 8-4-1988 یەکەم کۆمەڵی ئەنفالکراوان هێنراون بۆ سەربازگەی دووبز. بە وتەی ئەو دوای رۆژێك لە ئامادەکردن و پاککردنەوەی ئەو کۆنە سەربازگەیە, کە لەو کاتە چۆڵ بووە. لێ بە وتەی ژنێکی هاوولاتی گوندێکی 300 ماڵەی گەرمیان, لە دایك بووی ساڵی 1955, بۆ دادگای باڵای تاوانەکان قسەی کردووە, دەڵێت" لە گەڵ هاوولاتیانی گوندی محە بارام سوار ترێکتەر بووین بڕۆین بۆ چەمچەماڵ, چوینە گوندی قرخ, لە قەرەتامور دەستگیر کراین, بارق پیاوە گەنجەکانی جیاکردەوە, بە لێدان بردیانی, ژن و منداڵ چوار رۆژ لەوێ ماینەوە, پێنجەم رۆژ بە گەلابە بردیانین بۆ قائمقامیەتی قەزای چەمچەماڵ, ئەو رۆژە خۆپیشاندان کرابوو لە چەمچەماڵ, هەر ئەو عەسرە بردمانیان بۆ تۆبزاوە, لەوێ هۆڵەکان بەتاڵ بوون,
ئێمە یەکەم گروپ بووین لە سەربازگەی تۆبزاوە, هەر ئەمان شەشەم رۆژ یەکەم گروپ بوونە نێردراون بۆ سەربازگەی دووبز", کەواتە جیاوازی لە نێوان وتەی ئەبو ئەیمەن و ئەم ژنە 8بۆ 9 رۆژە.
هەرچی میدل ئیست ۆچە لە پەرتوکەکەی لەسەر ئەنفال, بەرواری هێنانی یەکەم گروپی زیندانیکراوانی ئەنفالی دیاری نەکردووە بۆ سەربازگەی د,وبز, بەڵام دەڵێت"ئەم ئافرەتانە و منداڵەکانیان لە ناوەڕاستی مانگی نیساندا بە ژمارەیەکی زۆر لە تۆپزاوە گوێزرابوونەوە بۆ دووبز".

ژمارەی ئەنفالکراوانی سەربازگەی دووبز

بە پێی وتەی ئەبو ئەیمەن یەکێك لە بەرپرسانی ئەم سەربازگەیە لە نەتەوەی عەرەب, لە هێزی جەیشی شەعبی و بەعسی, تەنها لە رۆژانی 8 و 9 و 10 ی ئەبرێلی 1988دا , 10322 کەس لە ژن و منداڵ هێنراون بۆ زیندانی سەربازگەی تۆبزاوە, لە ناویاندا منداڵی پەرا گەندەش هەبوونە دایك و باوکیان بردراون بۆ جێگای دی, پێم وایە ئەم مێژووەو ژمارەکە هەڵەیە, چونکە لەو رۆژانە هێشتا ژمارە زۆرەکەی ئەنفالکراوانی ئەنفالەکانی 3 و 4 نەك نەناردرابوون بۆ دووبزو تۆبزاوە, بەڵکە هێشتا ئەنفالیش نەکرابوون.

هەروەها جەعفەر موسەوی سەرۆکی دەستەی داواکاری گشتی ژمارەی ئەو ئەنفالکراوانەی بردراونەتە سەربازگەی دووبز بە نزیك لە 26000 کەس وەك سەربازگەی تۆپزاوا دیاری دەکات, دیارە نابێت هەردوو سەربازگە هەمان ژمارە بووبێتن, چونکە زیندانیانی سەربازگەی تۆبزاوە, بۆ سێ ئاراستە رەوان کراون"نگرە سەلمان, دووبز, راستەوخۆ بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان لە پیاوانی گەنج و تەنانەت ژن و منداڵیش" .
بەڵام بە وتەی هیومان رایتس وۆچ ئەم سەربازگەیە "نزیك 7000 گیراوی لە خۆ گرتووە لە ژن و منداڵ".
ژنێکی زیندانی لە سەربازگەی دووبز, لە وتەیدا بۆ دادگای باڵای تاوانەکان ژمارەی زیندانیانی سەربازگەکەی دووبز بە 9000 کەس دەداتە قەڵەم.
بە وتەی نێرگز عەزیز بابا عەلی, کە مامانی زیندانەکە بووەو هەموو هۆڵەکانی بەسەرکردۆتەوە بۆ کاری مامانی پێی وایە 25000 زیندانی لە سەربازگەی دووبز بوونە.

## ژمارەی مردووان

بۆ ژمارەی مردووانی ناو سەربازگەی دووبزی ئەنفالکراوان, ژمارەی جۆراو جۆر دەدرێت, میدل ئیست وۆچ لە پەرتووکەکەیان لەسەر زاری شایەدحاڵێکەوە دەڵێت"مردنی منداڵان زۆر بووە لێرە, تا مردنی 50 منداڵی مردوو دەستنیشان کراوە"," محەمەد کوڕێکی نۆ ساڵ بوو، مەزەندەی پەنجا حاڵەتی مردنی دەکرد لەو زیندانە گەورەیەدا کەوا خێزانەکەیانی تێدابوو، لە ماوەی پێنج مانگی دەسبەسەرییاندا. زۆربەی ئەوانە منداڵی بچووك بوون بەڵام هەندێ پیرەژنیش مردبوون".
بەڵام ئەبو ئەیمەن بەرپرسی ئەو جەیش شەعبیانەی لەو سەربازگەیە بوون و ئەرکی پاراستنی سەربازگەکەیان لە ئەستۆ بووە, چونکە زۆر جار ئەوان سەرپەرشتی بردنی تەرمەکانیان کردووە, ژمارەی مردووان بە " 68 بۆ 74 " کەس دەداتە قەڵەم.
بە پێی وتەی مام ئەحمەد موختاری شارۆچکەی دووبز بێت, ژمارەی منداڵە مردووەکان بە 274 منداڵ مەزەندە دەکات, وەلێ حاجی ئیبراهیمی مەیت شۆر دەڵێت: 150 تەرم بە بانەوەم شوشتووە.
بەڵام ئەو گۆڕانەی دۆزراونەتەوەو لە لایەن وەزارەتی شەهیدانەوە دەرهێنراون, 106 روفاتیان دەرهێناوە "104 منداڵ و 2 ژن" بوونە, دەشێت روفاتی دیکەش هەبن گۆڕ ون بن, تەنانەت کوڕە بچوکەکەی نێرگز لەوێ مردووە, وەلێ تەرمەکەی بردۆتەوە بۆ چەمچەماڵ, مردنی ئەوی لە پیاوانی حکومەت شاردۆتەوە.

تەرمی منداڵەکان  لە دووبز بەم شێوەیە نێژراون" لاشەی منداڵە ساواکانی تر لە مزگەوتە کۆنەکەی شارەوە دەبران بۆ ناشتن، بە گوێرەی قسەی کەریمی قوتابیی تەمەن بیست ساڵ......خەڵکی شارۆچکەکە دەهاتنە مزگەوت بۆ شۆردنی لاشەکان و لە دواییشدا گەنجەکانیان، کە کەریمیشیان تێدابووە لە کۆنە گۆڕستانێکی لاتەریکی منداڵاندا کە ماوەی میلێك لە مزگەوتەکەوە دووربووە گۆڕیان بۆ هەڵکەندوون و ناشتنیان. کەریم خۆی یارمەتیی ناشتنی لاشەی چوار منداڵی ساوای داوە و لە ماوەی نێوانیشیاندا هاوەڵەکانی یارمەتیی ناشتنی پەنجا منداڵیان داوە، کە هەر هەموویان لە ساڵەوەخت کەمتر بوون، خەڵکی دووبز پارچە زەوییەکیان لە گۆڕستانەکەدا دیاریکردبوو بۆ گۆڕی ئەو منداڵانە و هەر گۆڕێکی بچووکیش بە جیا نیشانە دەکرا".
لێرە ئەنفالکراوان کێشەی لە گۆڕ نانی روفاتەکان و شوشتنیان بە پێی شەریعەتی ئیسلام و کفن کردن و تەڵقین خوێندنیان وەك زیندانی نگرە سەلمان نەبووە, بەڵکە ئەو مافەیان پێ دراوە, لە رێگای مەراسیم لە دەرەوەی زیندانەکە, وەلێ بێ پرسە.

چیرۆکەکانی مەرگ

ژنێك قسە بۆ دادگای باڵای تاوانەکان دەکات و باسی کچێك دەکات کە تەمەنی نۆ ساڵ بووە, لە دووبز دایك و خوشکێکی مردووەو خۆی بە تەنها ماوەتەوە لەو زیندانە, هەمان ئەو ژنە دەڵێت لە دووبز 5 ژن مردوونە, وەلێ تا ئێستا رووفاتی دووان لەوانە دۆزراونەتەوە. ژنێکی دیکە خەڵکی گوندی شێخ محەمەدی سەرو لە ناحیەی قادر کەرەم بۆ هەمان دادگا قسە دەکات و دەڵێت" منداڵەکەیان بە نەخۆشی لێ سەندووەو بردویانە, هێشتا نەمردبوو , کەچی نەیان گەڕاندەوە بۆی, نەیزانیوە منداڵەکەی چی بەسەر هاتووە ناوو  گۆڕی ونە و چارەنووسی نا دیارە".
 دایکێکی دیکە لەسکاڵانامەکەی نووسراوە " دوو منداڵی مردووە و منداڵێکیشی  لە زیندانی دووبز بووە" . یەکی دیکە دەڵێت " لە دوبس ژنان لە کاتی منداڵ بوون مردوونە" , ئامینە مەحمود حەمەخان  لە دایك بووی ساڵی 1966  خەڵکی سەرقەلای سەنگاو منداڵی لە دووبز مردووە, ژنێکی دیکە بەناوی فەوزیە محەمەد ئەشرەف خەڵکی گوندی موڕادلی سەنگاو, ساڵی لە دایك بوونی 1950, دوو منداڵی مردووە لە دووبز, نەیان هێشتووە بزانێت لە کوێ ناشتویانە.
"کاتێ کە بەهار بەسەرچوو و ڕێی بۆ گەرمای هاوین خۆشکرد، ڕێژەی ( مردن ) زیادی کرد. ئامینەی خەڵکی ئاکۆیان، لە دووبز منداڵێکی کچی بوو، بەڵام پاش دوو مانگ منداڵەکە نەخۆشکەوت و مرد. تەنها لە خەڵکی بلە چوار یان پێنج منداڵ مردن. نەبات، دایکێکی تەمەن بیست و هەشت ساڵی خەڵکی قادر کەرەم بوو، دوو منداڵی ساوای لەدەستدا و ماوەی نێوانیان مانگێك بوو. یەکەمجار شارۆی کچە سێ ساڵانی مرد و مانگێك دوای ئەوەش نۆرە هاتە سەر کورە دوو ساڵانەکەی، دیار. نەبات دەیگوت: "ئەوان لەترسا مردن، چونکە هێند تۆقیبوون نەخۆش کەوتن و

سکچوون و ڕشانەوەیان تووشبوو". "شێرزاد کە کوڕێکی چواردە ساڵ بوو تاقە یەك شەو حەوت منداڵی ساوای ژماردبوو کە لە دووبز مردبوون".

خواردنی زیندانەکان

لە زیندانی دووبز ژیان باشتر بووە لە زیندانی قەڵای نگرە سەلمان, کێشەی ئاو هەر نەبووە, بۆ خواردن سەرەتا بۆ ماوەی سێ مانگ ڕۆژی تەنها یەك سەمون دراوە بە زیندانیان, کاتەکەی کە هاوتا بووە لە گەڵ مانگی ڕەمەزان, زۆربەی ژنانیش لەوێ بەرۆژو بوونە, نێرگز دەڵێت " سەمونەکەمان بۆ فتاری ئێوارە هەڵدەگرت" , پێچەوانەی سەربازگەی نگرە سەلمان کە لەو مانگە خواردنی باشیان داوە بە ئەنفالکراوان, لە دووبزیش وەك زیندانی تۆبزاوەو زیندانی تکریت لە مانگی رەمەزان خواردنی باشیان نەداوە بە خەڵك, لە زیندانی دووبز دواتر جگە لە سەمون خواردنکەیان برنج و شۆربای نیسکی تێدا بووە, گوایە قزعەی سەربازیان لە سەربازگەی تۆبزاوەوە بۆ هاتووە, خواردنەکە لە جاران چاکتر بووە, بەڵام هەر شیر نەبووە بۆ منداڵ.
بە پێی بەدواداچوونی میدل ئیست وۆچ "لە مانگی حوزێراندا ئەو کاتەی کە ئامینە ـ ژنە گەنجەکەی خەڵکی ئاکۆیان ـ گەیشتە ئەوێ بەشە خۆراك لە دووبزدا هەفتانە دوو هێلکە و ماست و چای تێکەوتبوو، لەدواییشدا وایلێهات کەمێ شووتیشیان دەدا ".
لە زیندانی دووبزیش وەك زیندانی نگرە سەلمان شت فرۆشتن هەبووە, هەروەها بە وتەی هەندێك لە زیندانیان گەندەڵی لەناو زیندانەکە هەبووە, ئەو کوردانەی ببونە بەرپرسی هۆڵەکان هەندێك لە کەلوپەلەکانیان بۆ خۆیان فرۆشتۆتەوە."گاردەکانیش سابوون و شەکر و چایان بەو ژنانە دەفرۆشت کە هێشتا پارەیان پێمابوو، هەروەها دەسەڵاتدارانی بەندیخانەکەش هەر حەوت بەندی و بەتانییەکیان دەدایە.".
ئەو چەکدارانەی لەوێ بوونە, ئەوانیش دەستیان کردووە بە شت فرۆشتن, نابێت ئەوە لە یاد بکەین هەندێك لە حەرەسەکان ناو سەربازگەکە هاوکاری خەڵکەکەیان کرددوە, لەوانە باسی بەرپرسێکی جەیشی شەعبی دەکرێت بەناوی ئەبو ئەیمەن و چەکدارێکی دیکە بەناوی هادیە کوێر.
"هەژار غازی عەزیز بابە، کە یەکێك لەو چوار منداڵەی کە رۆژی 1988/4/29 لە سەربازگەی دووبز لە سنووری کەرکوك لەدایك بووە. هەژار لەوساوە تا ئێستاش گرفتی ئاخاوتنی هەیە و بە پێی راپۆرتی پزیشکیش ناتەواوییەکەی پشتڕاست کراوەتەوە، واتا بەتەواوی ناتوانێت قسە بکات، چونکە لە راپۆرتەکەدا هاتووە بە هۆی نالەباربوونی شوێنی لە دایکبوونی، ئەو کێشەی تووش هاتووە.........ئەو منداڵەی بە بەرد ناوکی دەبڕن و هیچ پەڕۆیەك شك نابەن کە تێوەی بپێچن، ئەو منداڵەی کە بەهۆی خراپی دۆخی زیندانەوە زمانی بە باشی

ناگەڕێ و زمانی ناتەواوە. ئەو منداڵەی کە بە خێزانێکی حەوت کەسی تەنها دوو سەمونیان دەدەنێ".

هەژار دەڵێت"دایکم دەیوت لە زیندان شەش منداڵم بە ریشەوە ببوو(ئەرك و خەم و بەرپرسیارێـی شەش منداڵی لە ئەستۆ بووە).(دایکی هەژار پێی وتووە کە رۆژانە بە هەمووویان دوو سەموونیان پێدراوە، بۆیە ئەو دایکە تەنها کەمێکی خواردووە لبەر ئەوەی کەمێك شیری هەبێت بۆ هەژار و باقییەکەشی داوە بە منداڵەکانی تری",
ئەم چیرۆکە زیندووانە جیان لە چیرۆکەکانی میدل ئیست ۆچ.

ژمارەی هۆڵەکان

بە پێی وتەی ئەبو ئەیمەن بەرپرسی جەیش شەعبییەکانی سەربازگەکە, سەربازگەکە لە 34 هۆڵ پێك هاتبوو, وەلێ زیندانییەکان ژمارەی جۆراو جۆر دەدەن, هەروەها بە پێی وتەی ئەوان هەر جەناحێك ناوی تایبەتی خۆی هەبووە.
بە وتەی چەند کەسێك کە زۆرینەن, سەربازگەکە لە 24 هۆڵ و 3 بۆ 4 جەناح پێك هاتووە بە ناوی جەناحی حەویجە, جەناحی 1ی حوزەیران, جەناحی کەرکوك هەروەها جەناحی ئەربیل , یەکی دیکە دەڵێت 12 هۆڵ بووە, یەکێ دەیکاتە 14 هۆڵ, دانەیەکی دیکە دەڵێت هەر 3 هۆڵ پێکەوە بوونە, یەکیکی دی دەڵێت جەناحی 9 هۆڵ بووە واتا 36 هۆڵ, چەند کەسێکی دیکەش دەڵێن, سەربازگەکە 36 هۆڵ بووە.
هەرچی ژمارەی زیندانیانی ناو هۆڵەکانە, یەکێ دەڵێت لە هۆڵەکەمان 250 زیندانی تێدا بووە, یەکێکی دی باسی 470 زیندانی دەکات لە هۆڵەکەیان.
ئەنفالکراوێك دیکە دەڵێت هۆڵەکان 300 بۆ 400 کەسی تێدابوووە, سارد بووە بەتانی نەبووە بیدەینە خۆمانا.
نێرگز پێی وایە هۆڵەکانی دووبز, قەبارەیان وەك هۆڵەکانی سەربازگەی تۆبزاوە گەورە بوونە, بەڵام سەربازگەی دووبز کۆنتر بووە لەوەی تۆبزاوە, وە چۆڵیش بووە پێش ئەوان, چونکە هەموو بنمیچەکەی خۆڵ و تۆز بووە, ژمارەی هۆڵەکانیشی 30 هۆڵ بووە, سەری هۆڵەکانی بە جەمەلۆن داپۆشراوە.
ئەبو ئەیمەن پێی وایە, سەربازگەکە 5 جەناح بووە, بە گشتی سەربازگەکە بەسەر کۆمەڵێك کەرتی جەیشی شەعبی دابەش کراون" دوبس, کەرکوك , حوزەیران , اربیل".

هەلاتنی خاوەر قادرو هاوڕێکانی

پێی دەچێت لە سەربازگەی تۆبزاوە بواری هەڵاتن هەبوویێت, هەرچەندە بە پێی بەدواداچوونەکان لە نگرە سەلمانیش بواری هات و چۆ هەبووە, بەڵام هەڵکەوتەی

جوگرافیای سەربازگەکەو ژینگەکەی, بواری هەڵاتن نەبووە لە قەڵای نگرە سەلمان, هەرچەندە لەم سەربازگەیە منداڵە هەرزەکارە کوڕەکان ویستوویانە هەڵبێن, بەڵام پیاوانی رژێم بە لێدان دووریانیان خستۆتەوە, ئەمە دەقی چاوپێکەوتنی دلێر کەریمە لە گەڵ خاوەردا, کە لەم سەربازگەیە هەڵاتووە" نوێژی عیشا بوو, دنیا تاریك بوو بوو, وتم ئێستا دەڕۆم, دوو ژنی تر وتیان ئێمەش دێین, یەکێکیان خەڵکی تەوێڵەو بیارە بوو, ئەویتریشیان خەڵکی مەملەحە بوو, بەو تاریکەو بە نهێنی لە زیندانەکە هەڵدێن, دەچنە سەر قەبرستانێك و دەیانەوێت شوێنێك بدۆزنەوە بۆی بڕۆن, نا شارەزایی برستی بڕیبوون. ئۆتۆمۆبێلێك بەو جادەیەیا تێدەپەڕێت و سەریان دەخات و دەیانگەیەنێتە کەرکوك. لەوێشەوە دەگەڕێنەوە چەمچەماڵ, دیارە کابرای شۆفێر دەزانێت ئەمانە قوربانی ئەنفالن و دڵی پێیان دەسووتێت و هاوکاریان دەکات بۆ دەربازبوون.
رەحمە نەجمەدین کە لە هەمان زیندان لە گەڵ خاوەر قادر بووە وتی زانیمان خاوەر رایکردووە چونکە بەردەوام دەیگووت رادەکەم, کە دەنگۆی راکردنی بڵاو بوەوەو هاتنە لامان پرسیاریان کرد بزانن کەی و چۆن هەڵاتووە, براژنم رەسمیە کە زمانی دەزانی و وەکو بەرپرسی بەشەکەمان بوو وەڵامی دانەوە کە ئاگامان لێ نییەو بە وردی بۆی بگەڕێن هەر لەم ناوەیە.
ئەوانەی لە زیندانەکە دەبن دواتر دەبرێنە تکریت و لەوێش ناوی خاوەرو هاوڕێکانی دەخوێننەوەو خۆیانیش هەڵهاتبوون.دیارە لیستی ناوی قوربانییەکان هاوپێچ کرابوون, بەرپرسانی زیندانەکە نەیان وێرابوو ناویان بسڕنەوە, ئەوان لە تکریت باردەکرێن بۆ زیندەبەچاڵکردن و لێبوردنەکە دەیان گرێتەوەو رزگاریان دەبێت. لە کتێبی لە کەریم باسامەوە بۆ تکریت ئەو مەرگە ساتانەم تۆمار کردووە. بەڵام میمکە خاوەر وا دەزانێت ئەوانیش مردوون, تا دوایی ئازاد بوونیان, کە دێنەوەو باسی دەکەن بە چ حاڵەتێك دەربازیان بووە..... زۆربەی ئەو ژنانەی لە دبز بوون بەهۆی مناڵەکانیانەوە نەیان دەتوانی هەڵبێن, تەنیا ئەو سێ ژنە منداڵیان لە گەڵ نەبوونەو هەڵهاتوونە.".
وەك چۆن لە کاتی گرتندا جاشەکان هۆکار بوون بۆ گرتنیان, دوای رزگار بوونیشی جارێکی دیکە بە دواوەین بۆ بە گرت دانەوەی"کە هاتوونەتەوە جاشێکی ناسیاریان دەچێت هەواڵ دەداتە بەعس, بەڕێوەبەری ئەمن دێت و بە دایك و باوکی میمکە خاوەر دەڵێت فلان کەس هەواڵی لێتان داوە, بێم خۆی ناگرم لە بری خاوەر ئەو برایەی دەگرم کە ماوە, من چی لە گرتنی ژنێك بکەم, بۆیە و لەوە بە دوا بۆ پاراستنی ژیانی خۆیان دەگوازنەوە بۆ شوێنێکی نزیك بەغداو تا دوای راپەڕین لەوێ ژیان دەگوزەرێنن".

ژمارەی ئەنفالکراوانی سەربازگەی دووبز
تا ئێستا هیچ ئامارێك بۆ هیچ کام لەو سەربازگایانەی ئەنفالکراوانی بۆ بردراوە نەکراوە بە سەربازگەی دووبزیشەوە, ئەوەی هەیە گریمانەیە, لیستێکی

ئەنفالکراوانی هیچ کام لە سەربازگەکان نییە کەوتبێتە دەست, یاخود حکومەتی هەرێم ئامارێکی وردی بۆیان کردبێت,  میدل ئیست وۆچ لە پەرتوکەکەیدا دەڵێت" کەمپەکە ـ کە دوو بینا بوو لە ناو یەکدا  حەوت هەزار گیراوی کوردی تێدایە."
ئەبو ئەیمەن ژمارەی زیندانیکراوانی دووبز تەنها لە سێ رۆژی 8 و 9 و 10ی نیسان بە 10322 کەس دەداتە قەڵەم , وەلێ یەکێك لە زیندانیان کە لەو زیندانە بووە, ژمارەی زیندانیان بە 9000 کەس دەداتە قەڵەم. نێرگز مامانەکەی زیندانی دووبز ژمارەی زیندانیان بە 25000 کەس دیاری دەکات.

چەندیان و بۆ کوێ رەوانە کران؟

زیندانی سەربازگەی دوبز کاتی بوو, رۆڵی یەدەکی سەربازگەی تۆبزاوەی دەبینی بۆ دیسانەوە رەوانە کردنەوە بۆ دوا مەنزڵگا, دوای کۆمەڵکوژی پیاوە گەنج و هەرزەکارەکان و بەشێك لە ژن و منداڵەکان سەربازگەی تۆبزاوەو سەربازگەی تکریت, ئەوجا نۆرە هاتەوە سەر زیندانیانی ناو سەربازگەی دووبز بۆ یەکلا کردنەوەی چارەنووسیان, کە لە دوو مانگی یەکەمدا دوو گروپیان لێیان نارد بۆ قەڵای نگرە سەلمان, بەڵام کاروانەکانی دوای ئەوە هەموو بۆ سەربازگەی تکریت بوون, تکریت سەربازگەی ئامادەکاری بوو بۆ ناردنیان بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان.
زیندانییەکان بە پێی قاوش و ژمارە براون نەك ناو, خێزانی وا هەبووە هەندێکیان برداون بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان هەندێکی دییان ماونەتەوە لە دووبز, دواتر بە لێبوردنی گشتی ئازادکراون, یەکێك لە زیندانە رزگار بووەکانی دووبز دەڵێت" 9000 ئەنفال لە سەربازگەی دووبز بوو, زیاتر لە 5000 یان بردران و نەگەڕانەوە, من 6 خوشکمی تێدا بوو, لە ئەوانەی نەگەڕانەوە ".
ژنێك دەگێڕێتەوە کە لە پێش لێبووردنەکە بردمانیان بۆ تکریت دواتر ئێمەیان هێنایەوە, دوو منداڵ لە رێگا مردن تەرمەکانیان بەجێ هێڵرا. یەکێ دیکە دەڵێت 50 ژن و منداڵ بردران لە هۆڵەکەی ئێمە بە لێبوردن گشتی گەڕاونەتەوە.
خاوەر قادر دەڵێت: هەینی بۆ هەینی 350 کەسیان بە ئۆتۆمۆبیلی تایبەت دەبرد, بۆ نموونە دایکەکە بکەوتایەتە بەر حسابەکە دەبرا و منداڵەکەیان نەدەبرد.یان بە پێچەوانەوە, منداڵەکە بکەوتایەتە بەر حسابەکە دەیان برد و دایکەکەیان بۆ وەجبەکەی تر جێ دەهێڵا.
لەو هەموو ئەنفالکراوە تەنیا دوو هۆڵی گەورە خەڵك مایەوە. لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا هەموو خەڵکەکەیان برد .
لە دووبزەوە دەڵێن 4 بۆ 5 وەجبە ژن و منداڵ  بردراون بۆ تکریت بۆ رەمیکردن, ژنێك دەڵێت دوای 20 رۆژ لە دووبز بە 16 پاس کچە عازەبەکانیان  بردووە, ژنی گەنجی منداڵ داریشیان لە گەڵ بووە, ماڵ هەیە بەس کچەکەی بە تەنها  جیاکراوەتەوە و بردراوە.

ئەم ژن و مندالانە بە لێدان بردراون بۆ تکریت, بە سەیارەی داخراوی سەوز, دیارە چیرۆکی بردنەکان بە شاراوەیی ماونەتەوە, بەڵام لەو کاروانەی کە بەر لێبوردنەکە کەوتن , زۆر منداڵ لەناو ئۆتۆمۆبیلی مەرگەکان مردوونە.
میدل ئیست وۆچ کە زانیاری تەواوی چنگ نەکەوتووە لەسەر ژمارەو جێگای بردنی ئەنفالکراوان, دەڵێت" بەڵام هەزاران کەسیتر لە بەندییەکان کە ڕەنگە نیوەی ژمارەی گیراوەکانی دووبز بووبێتن، ڕاپێچی لایەکی تری نادیار کران و لە تاریکیی ئەنفالدا ونبوون". ئەو لایە نادیارە سەربازگەی تکریت بووە, ئەوەی بۆی رەوانە کرا نەگەڕایەوە, جگە لە دوا کاروان, کە لە دوای ئەوەی لەوێ بارکران بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان بە رێکەوت شانس یاریان بوو, بەهۆی لێبوردنەکەوە گەڕێنرانەوە.
یەکێك لە ئەنفالکراوە ئازادکراوەکانی سەربازگەی دووبز دەڵێت" سەربازگەکە 24 هۆڵ بوو, 15 هۆڵیان بارکراون و بردران بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان. لە دووبز ئەو ژن و مندالانەی بردراون بۆ گۆڕە بەکۆمەڵەکان, شتومەکەکانیان لە گەڵ خۆیان نەبردووە.
چۆن هێنانی ئەنفالکراوان بۆ سەربازگەی دووبز لە ژێر سەرپەرشتی ئەمن بووە, بە هەمان شێوە مانەوەشیان لەوێ و بردن و گواستنەوەشیان بە هەمان شێوە لە ژێر سەرپەرشتی ئەمنی کەرکوکدا بووە, چونکە دووبزا قەزایەتی پارێزگای کەرکووك بووە لە رووی کارگێڕییەوە.

منداڵ بوون
زیندانی سەربازگەی دووبز, لەبەر ئەوەی جێگای ژنانی گەنج و منداڵ بووە, بۆیە منداڵ بوون یەکێك لە کێشە بەرچاوەکانی ئەم زیندانە بووە, هەر لە ژانی دایکانەوە بۆ مامانی و ناوك بڕین و خوێن بەربوون تا دەگاتە برسێتی و نەخۆشی و نەبوونی شیرو داو دەرمان کێشەی زیندانیانی ناو ئەم زیندانە بووە.
بە بەرد و چەقۆ ناوك منداڵیان بڕیوە, بە قوماشی هەنگوچك پێچاویانەتەوە و ناوکیان گرێداوە, یەکی دیکە ناوکی منداڵی بە شوشە بڕیووە, ئەوی دی بە بەرد, ژن هەبووە لە ئاودەست منداڵی بووە, نێرگز دەڵێت " لەم زیندانە مامانیم بۆ نزیك 200 منداڵ کردووە کە لێرە لە دایك بوونە, هەبووە یەکسەر مردووە, هەبووە پاش چەند رۆژێك, تیاشیان هەبووە ئێستا زەلامە".
نێرگز دەڵێت " سەرەتا بە بەردی نوك تیژ ناوکی منداڵی بڕیوە, دواتر حەرەسەکان موسیان بۆیان هێناوە, ژن منداڵی بووە, پەڕۆ نەبوو خوێنەکەی پێ بسڕێتەوە, پەڕۆ نەبوو منداڵەکەی پێ پاك بکەیتەوەو لێی لول دات, خواردن نەبوو بیدەیتە دایکەکە لەو کاتە".
جل و بەرگی منداڵەکان دیکەیان کردۆتە بەر منداڵە لە دایك بووەکان, جل و پەڕۆیان بۆیان کۆ کردونەتەوە, یان بە گونیەی پەتاتە دایانیان پۆشیوە, شیرو دایبی نەبووە,

منداڵە لە دایك بووەكانی ناو زیندانەكانی ئەنفال, لە دووبز و نگرە سەلمان و توبزاوە بێناز بوون لە هەموو رویەكەوە.
وێڕای ئەمە وەك ژنێكی زیندانی دەگێڕێتەوە, ژنانیان بردووە دەرزیان لێیان داوە, بۆ ئەوەی سوڕی مانگانە نەكەن, خوار سكمان دەیدا لە ئێش.
منداڵێكی كەم ئەندام ئاوا چیرۆكی لە دایك بوونی خۆی دەگێڕێتەوە لە زیندانی دوبز " ئەو كاتەی كە دایكم و خوشك و براكانم دەگوزانەوە بۆ زیندانی سەربازگەی دوبز، دایكم بە منەوە دووگیان بووە، زۆرجار دایكم دەیوت: رۆڵە ناوكی تۆمان بە بەرد بڕیوە، چونكە چەقۆ و هیچ كەرەستەیەكی دیكە نەبوو و تەنانەت داوایان لە هێزەكانی ناو زیندان كردووە كە چەقۆیەك یان تەنانەت موسێكی بەكارهاتووش بێت بیاندەنێ بۆ ئەوەی ناوكی منداڵەكەی پێ ببڕن، بەڵام نەیانداونەتێ، بۆیە دایكم بە ناچاری لە حەوشەی زیندانەكە بە دوو بەرد ناوكی بڕیوم، تەنانەت خوشكم شەش بۆ حەوت قاعە دەگەڕێت بۆ ئەوەی پارچە پەڕۆیەك پەیدا بكات لە منییەوە بهاڵێنن، دەستیان ناكەوێت، تا دواجار لە یەكێك لە قاعەكان كۆڵوانەیەك لەلای پیرەژنێكی خەڵكی گوندی» تەختە مینا» پەیدا دەكەن و دەیكەنە پۆشاك بۆ من.".

نەخۆشی

لە زیندانی سەربازگەی دووبز چارەسەری پزیشكی نەبووە, تەنانەت بۆ نەخۆشییە قورسەكانی وەك گورچیلەو شێرپەنجەش, سیلدارەكان جیا نەكراونەتەوە, لە ناو خەڵكەكەدا بوونە, هیچ خزمەتگوزارییەكی پزیشكی لەو زیندانانە نەبووە, چارەسەریش بۆ نەخۆشییە مەترسیدارەكان نەبووە, وێڕای بارودخی سەختی ژیان لە ناو زیندانەكە.
لە دووبز سارد بووە سەرەتا, تیفۆید و سك چوون و رشانەوە بلاو بۆتەوە, رۆژانە خەڵك بە تایبەت منداڵ پێی مردوونە, دواتر گرانەتاو سورێژەش هاتۆتە سەری لەگەڵ حوما ماڵتا. هەموو زیندانەكان لەسەر زەوی رەق خەوتوونە, بە منداڵە ساواكانیشەوە, بەرپرسانی زیندانەكە تەنانەت هەندێك جار بەتانییەكانیان لە خەڵك سەندوەو لە پێش چاویان سوتاندویانە, بەم هەموو هۆكارەوە نەخۆشی زۆر بووە.
بە پێی وتەی شایەد حاڵێك "لە دووبز منداڵیان بێ دایكی بردووە بۆ نەخۆشخانە بە مردویی هێناویانەتەوە, نەشیان هێشتووە دایكی بەشداری پرسەكەی بكات".
لە سەربازگەی دووبز ئاودەست نەبووە, لە ناو هۆڵەكە دەستیان بە ئاو گەیاندووە. هەر لەوێ میكرۆبیان بە خەڵكدا رشتووە, گیانیان پڕ بووە لە مێشولە كە پێشتر ئەو جۆرەیان نەبینیووە.
لە زیندانی دووبز كچێك بە ناوی بیان عەودل جەوهەر خەڵكی گوندی كوەلەَ شێت بووە, شەوان كارەبایان لەسەر خەڵك كوژاندۆتەوە. هەر لە زیندانی دووبز وەك توبزاوەو نگرە سەلمان, منداڵەكانیان بۆ ماوەیەك وەك سزا جیاكردۆتەوە دواتر هێناویانەتەوە.

منداڵە پانزە ساڵانەکان

لە چاوپێکەوتنێکدا رائیدی ئەمن صەباح ئەلحەمدانی باسی ئەوە دەکات گوایە لە کاتی ئامار کردندا زۆر منداڵی پانزە ساڵ زیاتری بە منداڵی کەمتر لەو تەمەنە دیاریکردووە, کردویانیەتە ناو ژن و منداڵەکانەوە, لە لایەکەوە ئەمە دەربڕی ئەوەیە لە سەرەتاوە بڕیارەکە زانراوە کە هاوڵاتیانی نێرینەی تەمەن 15 ساڵ بە سەرەوە چارەنووسیان بۆ مەرگە, بەڵام لە واقیعدا ئەوەی روویداوە پێچەوانەکەی راستە, زۆر منداڵی کەمتر لە 15 ساڵیان فڕێ داوەتە ناو گەورەکانەوە, ئەوانەی لە دووبز بوونە رەتی دەکەنەو منداڵی گەورەتر لە 15 ساڵ لە کەمپەکە هەبوو بێت, وە زیندە بە چاڵکردنی زۆر منداڵی کەمتر لە 15 ساڵ لێرەدا بە نموونە دێنینەوە کە لە تۆبزاوەوە نێردراون بۆ مەرگ لە تیمی ناوو نوسین رزگاریان نەبووە.
سکاڵاکەرێك بۆ دادگای باڵای تاونەکان دەڵێت" لە 12 ساڵی بەسەرەوە منداڵەکانیان برد نەگەڕانەوە, دەستیان لە پشتەوە بەسترایەوە و پێشتر پیاوەکانیان بردبوو, گوێمان لە تەقە بوو". یەکێکی دیکە دەڵێت"کوڕەکەی 12 ساڵ بووە دیار نییە, نەبردراویشە بۆ دووبز ".
خاوەر قادر کوڕە 15 ساڵانییەکەی کە ئاماری 1987 یشی کردووە, بۆ میوانی چووە بۆ ماڵی خاڵی, لە گەڵ پیاوەکان راماڵراوە بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان"کوڕە 15 ساڵانەکەی لە شارەوە چووە بۆ ماڵی خاڵۆکانی بەر ئەنفال کەوتووە, لە تۆبزاوە لێك دادەبڕێن, تەنها 2 کاتژمێر لە تۆبزاوە پێکەوە دەبن".
زۆر شایەدحاڵ هەیە کە کوڕی پانزە ساڵ و روو لە خواریان بردراون لە گەڵ َپیاوەکان و نەگەڕاونەتەوە تا ئێستا گۆڕ ونن.
فەرەج رزگاربووی گۆڕە بە کۆمەڵەکان دەگێڕێتەوە "دوو منداڵیان لەگەڵ بووە"خەڵکی قیرە بوون" مویان لێ نەهاتووە, زۆر منداڵ بوونە رەمی کراون ".
ئەوانەشی نیمچە بوونە و بردراون بۆ زیندانی دووبز بەردەوام لەبەر هەرەشەدا بوونە, یەکێ لەوان ئاوا چیرۆکی خۆی بۆ میدل ئیست ۆچ دەگێڕێتەوە"ئەو منداڵانەی کەمێك کزربوون و دەیانتوانی هەڵبسووڕێن پاسەوانەکان بە زۆر قاوش و ئاودەستەکانیان پێپاکدەکردنەوە. کوڕێکی چواردە ساڵ کە پێنج مانگی لە سەربازگەکەی دووبزدا بەسەربردبوو دەگێڕێتەوە و دەڵێ: "ئەمن و ئیستیخبارات و بەعسییەکان چاودێرمان بوون، هەمیشە دەهاتن و بێ هۆ بەندییەکانیان فەلاقە دەکرد و چەند جارێك دەستیان بەستوومەتەوە و لێیانداوم، جارێکیشیان سێ ئەمن بە دار زۆریان لێدام و پشت و قاچمیان دارزاند. لەو قاوشەشدا کە تیایدا دەخەوتم دووجار لە بەیانییەوە تا ئێوارە بەستمیانەوە بێئەوەی بیەڵن هیچ بخۆم. من

نەمدەتوانی و بۆم نەبوو بپرسم بۆچی و هیچ کەسیش نەیدەتوانی بەرپەرچی یاسای بەعس بداتەوە".
بە گشتی چەند منداڵێکی کەم لە دەوروبەری 15 ساڵ لە زیندانی سەربازگەی دووبز بوونە و بۆ یەکتر ناسراو بوونە, ژمارەیان کەم بووە, هیچ منداڵێکی زیاتر لە 15 ساڵ لە زیندانی سەربازگەی دووبز نەبووە.

سەردانی بەرپرسان

بە پێی وتەی زیندانییەکان, عەلی حەسەن مەجید ئەندازیاری پرۆسەی ئەنفال, 3 جار سەردانی زیندانی سەربازگەی دوبزی کردووە, هەر جارەی گروپێکی ئەنفالکراوانی لە گەڵ خۆی بردووە, نەزانراوە ئەو زیندانیانە چییان لێ هاتووە, ئەوەی زانراوە بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان بووە.
هەروەها عزەت دوری جێگیری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشیش چووە بۆ زیندانی سەربازگەی دووبز, بە زیندانییەکانی وتووە ئێوە کەسوکاری پێشمەرگەن بەرتان نادەین.

چ هێزێك سەربازگەکەی پاراستووە

ئەو هێزەی سەربازگەی تۆبزاوەی بەڕێوە بردووەو پارستوێتی هێزێکی هەمە ڕەنگ بووە, ئەبو ئەیمەن کە لە ڕێکەوتی 4-4-1988 ەوە لە فەرمانگەکەیەوە پێی ڕادەگەیەنن ئامادە بێت بۆ دەوامکردن وەك جەیشی شەعبی لە سەربازگەی بارەگای کەتیبەی هەندەسەی عەسکەری لە دووبز, دەڵێت ئێمە وەك جەیشی شەعبی 70 چەکدار بووین دیاریکراین بۆ دەوامکردن لە سەربازگەی دووبز, لە دبس,داقوق, حەویجە, ناوەندی پارێزگای کەرکوك ەوە هاتبووین, کە بانگ کراین کەسیشیان نامانزانی بۆ چی بانگ کراوین؟. هەر ئەو دەڵێت دوای دوو ڕۆژ چەند مەفرەزەیەکی سەربازی هاتن بۆ ئامادەکردنی سەربازگەکە, ئاوو کارەبایان چاککردەوە.
بە پێی وتەی رائیدی ئەمن سەباح حەمدانی بێت ئەو بەرپرس زیندانی دووبز و مونەسقی نێوان هەردوو سەربازگەی دووبزو تۆبزاوە بووە, پێی دەچێت دووبز هەر وەك بەشێك لە سەربازگەی تۆبزاوە مابێتەوە لە ژێر سەرپەرشتی ئەمنی کەرکوکدا بووبێت چونکە ئەو خۆی لە میلاکی ئەمنی کەرکووك بووە, زیندانیانیان لەوێ ڕاگرتووە بۆ قۆناغی دواتر, بەشێکیان بۆ نگرە سەلمان نێردراون, زۆریشیان بۆ تکریت و گۆڕە بە کۆمەڵەکان, ئەوەشی ماون ریکەوت هێشتویانییەتەوە دوواتر ئازاد کراون.
زۆرینەی زیندانیان باسی ئەوە دەکەن کە حەرەسەکان عەرەب و زۆربەیان خەڵکی حەویجە بوونە. زیندانیان باسی ناوی وەك کەنعان و ئەبو نەعمان ابو عارف و ئەبو عروبە هەردوکیان وەك بەرپرس لە دووبز باس دەکەن, پێی دەچێت بە فەرمی

داوایان لێکرابێت ناویان نهێنی بێت, تەنها بەو ئەبو وانە بانگ یەکتر بکەن, بۆیە تا ئێستا ئاشکرای ناکەن.
زیندانییەکی دیکە باس ئەوە دەکات کە حەرەسەکان سەرباز بوونەو بێری سوور لە سەریان بووە. لە پاڵ ئەبو ئەیمەن باسی هادیە کوێریش دەکرێت کە حەرەس بووە لە دووبز, هاوکاری زیندانیانی کردووە بۆ نامە هێنان و پەیوەندیکردن. "میدل ئیستیش باسی چەکداری جل زەیتونی دەکات کە حەرەسیاتی زیندانییەکانیان کردووە" چەکداری جل زەیتوونییان لەتەکدایە. پاشان دووکاندارەکانی دووبز سەرنجیان دەدا وا کۆمەڵ کۆمەڵی شەش حەوت کەسیی ئافرەتی بەندکراو بە یاوەریی پاسەوان دێنە لایان و هەر زوو زانییان کە ئەمانە لە سەربازگەکەی دووبزەوە دێن.".
میدل ئیست مۆفەق نەبووە لە باسکردنی کەمپی دووبز, نەیتانیووە وەك خۆی نیشانی بدات, کە سەربازگەیەك بووە ئامادەکاری تێدا کراوە بۆ زیندە بە چاڵکردن, زۆر زانیاری نا دروست کە لە دڕندەیی زیندانەکە کەم دەکاتەوە , بەمەش لێرە زیان بە دۆسیەکە دەگەیەنێت, تەنانەت بەڕێوەبەری زیندانەکەش دەکاتە کوردێك کە راست نییە " بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو (باشەیەیدا) ئەگەر بەراورد بکرێ، دووبزیش دیسان ترس و سامێکی کەم نەبوو. بۆ گاڵتەجاڕیی دەوران، گیراوەکان ڕوانییان بەڕێوەبەری ئەم سەربازگەیە هاوڵاتییەکی کوردە و پیاوێکی خەڵکی دەڤەری هەولێرە بە ناوی حاجی ئەحمەد فەتاح و حەجی مەککەی کردبوو.".
هەرچەندە بەرگ سەوزو زەیتونییەکان ئەگەری زۆرە ئەمن بووبێتن, وەك خێروڵا حەمادی لە دان پێنانەکەیدا دەگێڕێتەوە, لە کاتی پێویستدا بەرگی سەربازی بێ روتبەمان دەپۆشی.

گێچەڵی سێکسی
ژمارەیەکی زۆر لەو ژنانەی لە زیندانی سەربازگەی دوبز بوونە, بۆ دادگای باڵای تاوانەکان ئەوەیان گێڕاوەتەوە, کە گێچەڵی سێکسی لەو زیندانە لە هەموو زیندانەکانی دیکەی ئەنفالکراوان زیاتر بووە, ئەو شایەد حاڵانە دەڵێن کچانی جوانیان دەرکردۆتە دوەرەوە دواتر هێناویانەتەوە, شەوان کچانیان بردۆتە ناو باخەکان دەوروبەری زیندانەکە و تەعەدایان لێیان کردووە, ئەفسەرەکان شەوان کچانی کوردیان بردووە, 12ی شەو بە دواوە کچانیان بردووە, ئەمانەو زۆر چیرۆکی دیکە دەگێڕنەوە, هەموو دەربڕی ئەوەیە لەم سەربازگەیە بە بەرفراوانی گێچەڵی سێکسی بەرامبەر بە زیندانیان ئەنجامدراوە.

ئەشکەنجەدان
هەرچەندە زیندانەکان ئێرە هەموو ژن و منداڵ بوونە, بەڵام لە زیندانی دووبز یش وەك تۆبزاوەو نگرە سەلمان و نزارکێ لێدان هەبووە, تەنانەت وەك دەگێڕنەوە بە

لێدان بە کێبڵ  دوو منداڵ مردوونە. سەربازگەکە دەرگاکەی زۆر کات داخراوە, هەروەها شەوان کارەبایان لەسەریان کوژاندۆتەوە, ئەمانەش ئەشکەنجەی دەروونی بووە.

ئازادکردن

ئەبو ئەیمەن دەڵێت  "زیندانییەکان پێنج مانگ و یانزە رۆژ لە سەربازگەی دووبز مانەوە" , ژنێکیش خەڵکی توکنە دەڵێت شەش رۆژ دوای لێبوردنە گشتییەکەی 6-9 لە سەربازگەی دوبز ئازاد کراون, ئتر نازانم ئەوانیش دوای بڵاو کردنەوەی لێبوردنەکە لە وەقائعی عێراقی  لە رێکەوتی 20-9 ئازاد کراون یان زووتر, بە وتەی ئەم بێت 12ی مانگ ئازاد کراوە.
هەژار غازی عەزیز بابە کە هەر لەو زیندانە لە دایك بووە دەڵێت "رۆژی 1988/10/20 رژێمی بەعس لێبوردنی گشتی دەرکرد و ئێمە گەڕاینەوە بۆ چەمچاڵ - شۆڕش، لە قادرکەرەمییەکان نیشتەجێ بووین"..
کە لە زیندان ئازاد کراون, زیندانیانی سەربازگەی دووبزیش وەك نگرە سەلمان بردراون بۆ عەربەت, دواتر دابەش کراونەتە دوو بەش, چەمچەماڵ و کەلار" رزگاری, شۆڕش". نێرگز دەڵێت تاکو رێکەوتی 25-10-1988 لە سەربازگەی دووبز ماوەتەوە, ئەوان وەك سەربازگەکان دی بە چەند گروپێك ئازادکراون , ئەمان بەشی کۆتایی زیندانییەکان نەبوونە, وەلێ پێی دەچێت تاکو کۆتایی ئۆکتۆبەر و سەرەتای نۆڤەمبەر  هەموو ئازاد کرابێتن.

سەربازگەکەش فرۆشرا

هادی غەزایی کە لە شێخەکانی ساڵەییەو کوردە و خزمی خوالێخۆشبوو ئەحمەد موختارە کە زۆر بۆ ئەنفالکراوان باش بووە، دە ساڵ قایمقامی شاری دووبز بوو, وەك دەگێڕنەوە قاعەکانی سەربازگەی دووبزی ..... دا بە کەسێك بە ناوی ئەحمەد بایز, بە ........, ئەویش شیش و قاپی و جەمەلۆنی بانی و پەنجەرەکانی دەردێنێ و دەیان فرۆشێت, خەڵکیش دوایی ئەوە شوێن کەلاوەکەی دەکەنە خانوو, ئێستا هیچ شوێنەواری ئەو سەربازگە گرنگە نەماوە, بۆتە ماڵ و گەڕەکێکی لە سەر ئاوەدان کراوەتەوە, ئێمەش دەمانەوێت سەربازگەی قەڵای نگرە سەلمان لە دووری نزیك 1000 کیلۆمەتر بکرێتە مۆنمێنت, کەچی ئەوەی ماڵی خۆمان کاول کرا بە دەستی خۆمان, ئێستا بە ملیۆنان و ملیاران دۆلار هەمان سەربازگەمان بۆ درووست نابێتەوە؟.

سەرچاوەکان:
سی دی دۆسیەی ئامادەکراوی ئەنفال  لە لایەن دادگای باڵای تاوانەکانەوە.

محكمه الانفال اعداد ريكار مزورى بمساعده محامى اياد كاكەيى
بەرنامەى بەڵگەنامەیی خۆم لەوێ بووم , تەلەفزیۆنی ئازادی,کەناڵی گەرمیان
جینۆساید لە عێراقدا ..پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد - هیومان ڕایتس وۆچ/ میدڵ ئیست وۆچ چاپی سێیەم 2013 چاپخانەی کەماڵ - وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە محەمەد حەمە ساڵەح تۆفیق
-لە تۆپخانەوە بۆ عەر عەر , کوردستان کەرکوك 2004 , چاپخانەی ئۆفێستی
-لە تاوانی ئەنفالدا: ژنێك ویستی بمرێ,کەچی ژیا!- دلێر کەریم ڕێگای کوردستان ژمارەی تایبەت 11-4-2023
-چیرۆکی ئەو منداڵەی لە زیندانندا لەدایکبوو2024-06-10-جەواد حەیدەری
- نێرگز لە دۆزەخی ئەنفالدا عارف قوربانی 2020 چاپخانەی حەمدی

009647503714620